# رۆژی گەل

هەفتەنامەیەکی سیاسی، رۆشنبیری گشتییە، حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات، ژمارە نۆبەرەی لە 1–7– 2000 بڵاوبۆتەوە...**ژمارە**(239) **یەکشەممە**16- 05- 2010


## بکوژانی سەردەشت عوسمان ئاشکرا دەکرێن!

بەگوێرەی هەواڵێکی ماڵپەڕی دەنگی سەربەخۆ، بکوژانی سەردەشت عوسمان دەستگیرکراون و لە ناوەڕاستی ئەم هەفتەیەدا ئاشکرا دەکرێن و دان بە تاوانەکانیان دادەنێن، لەوێدا دەردەکەوێ کە کێ لە پشت تیرۆرکردنی رۆژنامەوانی شەهید سەردەشت عوسمان دابووە. ماڵپەڕەکە گومانی تیرۆرکردنی لەسەرلایەنێک داناوە، بەڵام ناوی نەهێناوە، ئەگەر گومانەکە راست بێت لە رۆژانی داهاتوودا رەوشی هەرێم بەرەو ئاڵۆزی دەڕوات.

# گەلی کوردستان لەبەرانبەر تیرۆرکردن و لە سێدارەدانی رۆڵەکانی خۆی هەڵوێست وەردەگرێ

دوای ئەوەی رۆژی 4ی ئایار لەبەردەم کۆلیژی زمانی زانکۆی سەلاحەدین لە شاری هەولێر، چەند چەکدارێک رۆژنامەوان و فێرخوازی زانکۆ، سەردەشت عوسمانیان رفاندو دوای دوو رۆژ تەرمەکەی لە شاری موسڵ دۆزرایەوە، دەنگی نارەزایی بەرزبۆوە، رۆژنامەوانان و فێرخوازانی زانکۆ دەستیان بە رێپێوان و مانگرتن کرد، هەر بۆ ئەو مەبەستەش چالاکی هەفتەی بێدەنگ نابین لە لایەن رۆشنبیران و رۆژنامەوانانی شاری سلێمانیەوە دەستپێکراوە.

لەلایەکی دیکەوە رۆژی 9ی ئایار ئاشکرابوو کە کۆماری ئیسلامی ئێران پێنج کوردی لە زیندانی ئەوین لە سێدارە داوە، بەوهۆیەوە هەم هێزو لایەنە سیاسیەکانی کوردستان بەیاننامەیان دەرکردو ئەو تاوانەیان ریسوا کرد، هەمیش کوردستانیان دەنگی نارەزاییان بەرزکردەوە، لە شارەکانی باشوری کوردستان و چەندین شاری وڵاتانی ئەوروپادا رێپێوانی پرۆتستۆکردن بەڕێوەچوون، هەروەها رۆژی 13ی نیسان بەنیشانەی نارەزایی پێشاندان لە زۆربەی شارو شارۆچکەکانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا چالاکی مانگرتن دەستی پێکرد، دوکان و بازاڕەکان داخران، داخباری و نیگەرانی خۆیان پێشاندا.

جێی ئاماژەیە کە کوردستانیان لەسەر تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان لە باشووری کوردستان و لە سێدارەدانی هەریەکە لە 'فەرزاد کەمانگەر، عەلی حەیدەریان، فەرهاد وەکیلی، شیرین عەلەم هوولی و مێهدی ئیسلامیان' وەدەنگ هاتوون، لەلایەکەوە هەڵمەتی ریسواکردن و مەحکوم کردنیان دەست پێکردوە، لەلایەکی دیکەشەوە دەخوازن کە لیکۆڵینەوەی ورد لە تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان بکرێ و تاوانکاران بناسێندرێن و رادەستی دادگە بکرێن، هەروەها دەخوازن کە کۆمەڵی نێودەوڵەتیی و کۆڕ و ناوەندەکانی چالاک لە بواری مافەکانی مرۆڤ لەبەرانبەر لە سێدارەدانی کوردان بێدەنگ نەبن و گوشارەکانیان بۆ سەر کۆماری ئیسلامی ئێران چڕتر بکەنەوە تا چیتر چالاکوانانی سیاسی بەتۆمەتی کوردبوون ڕووبەڕووی دادگە نەکرێنەوەو سزای مەرگیان بەسەردا نەسەپێندرێ.

## رۆژنامەوانێکی کورد بە 166 ساڵ و نیو سزا دەدرێ



دادگەی باڵای شاری دیاربەکر سزای 166 ساڵ و نیوی بۆ بەرپرسی گشتی رۆژنامەی ئازادیا وەلات بڕیەوە.

دادگەیێکی تورک سەدو شەشت و شەش ساڵ و نیو سزای زیندانیکردنی بەسەر وەدات کورشون، بەرپرسی رۆژنامەی کوردی ئازادیا وەلات دەسەپێنێ، بەوهۆیەشەوە ڕووبەڕووی نارەزایی دەبێتەوە.

داواکاری گشتی کۆماری تورکیا لە دادگەی دیاربەکر، داوای دەکرد کە وەدات کورشون، 525 ساڵ زیندانی بکرێ، چونکە لەنووسینەکانیدا کە رۆژنامەی ئازادیا وەلات دا بڵاوکراونەتەوە، بانگەشەی رێکخستنێکی نهێنێ کردوە!

بەتۆمەتی ئەوەی کە رۆژنامەی ئازادیا وەلات بانگەشەی بۆ رێکخستنی نهێنی کردوەو رۆژنامەوان وەدات کورشون بەرپرسی رۆژنامەکە ئەندامی رێکخستنێکی نهێنیە، دادوەری دادگەی دیاربەکرد سزای سەدو شەشت و شەش ساڵ و نیو زیندانی کردنی بۆ بڕیەوە.

## تورکیا 134 بنکەی سەربازی لەسەر سنوور دادەمەزرێنێ

لە راگەیاندراوێکی نووسراودا سەرفەرماندەیی گشتی سوپای تورکیا ئاشکرای کردوە کە 134 بنکەی قەرەقۆل لەسەر سنوور دروست دەکرێن.

بەگوێرەی راگەیاندراوەکە بۆ مەبەستی کۆنترۆڵکردنی 459 کیلۆمەتری سنوور، ئێستا دەستکراوە بە دروستکردنی بنکەی قەرەقۆل و بە تێکڕایی سەدو سی و چوار بنکەی قەرەقۆل درۆست دەکرێن.

مەتین گوراک سەرۆکی بەڕێوەبەریتی راگەیاندنی سەرفەرماندەیی لەشکری تورک دیاریکردوە کە هەندێکجار باس لەوە دەکرێ کە گوایە چەک، پێداویستی و دەرفەت نارەخسێ بۆ ئەو کارە، بەڵام ئەوە راست نیە، ئێستا هەوڵ دەدرێ بۆ کۆنترۆڵکردنی درێژایی 459 کیلۆمەتر زیاتر لە سەدو سی و چوار بنکە دابمەزرێنین، ئەوەش ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە هێزی پاراستنیان تێدا ئەنجام دەدرێ.

سەبارەت بە دروستکردنی بنکەو خاڵی سەربازی لە سەر سنوورو ناوچەکانی دیکە کە ئێستا گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان چالاکی تێدا ئەنجام دەدەن، سەرچاوەیەک بە هەفتەنامەی رۆژی گەلی راگەیاند کە ئەو خاڵانە هیچ کاریگەری لەسەر کەمکردنەوەی چالاکیەکان دانانێن، چونکە گەریلاکان خەڵکی ناوچەکەن و شارەزایی باشیان لەسەر شاخ و دۆڵ و گوندەکاندا هەیە، هەروەها خەڵکی ناوچەکەش بۆ خۆیان هاوکاری گەریلاکان دەکەن، ئەوانیش دەیانەوێ بزاڤی رزگاریخوازی گەلی باکوری کوردستان سەربکەوێ، بۆیە دروستکردنی بنکەو خاڵی سەربازی جگەلەوەی مەسروفاتی سوپا زیاتر دەکات، هیچ سودو قازانجێک بە تورکیا ناگەیەنێ.

## رۆژەڤ

بڕیاردان و پێشبینیکردن لە پرسە سیاسیەکاندا ئەرکی سیاسەتمەدارو لێکۆڵەر، شرۆڤەکار، تۆژەر و چاودێرانی سیاسیە، بەوهۆیەوە هەموو ئەوانەی کە پێشتر لێکدانەوە بۆ رووداوەکان و ئاکامەکیان دەکەن و دوایش راست دەردەچن، بەکەسانی لێزان و خاوەن رامان و زیرەک دادەندرێن. ئەو کەس و لایەنانەش لە نێو هەر وڵاتێکدا ژمارەیان کەم و دەگمەنە، بەوهۆیەوە سیاسەتمەدارو رامیارزانان خۆیا دەبن، بەڵام بۆ ئەو رووداوو کارەساتانەی کە پێویستیان بە لیکۆڵینەوەی دادوەری هەیە، وادەخوازێ کە پێشوەخت بڕیاریان لەسەر نەدرێ. دەبێت چاوەڕوانی ئاکامی لیکۆڵینەوەو بڕیاری دادگە بکرێت. هەر بەوهۆیەشەوە وێڕای تۆمەتبارکردن، ناکرێ بەر لە لیکۆڵینەوەدا، کەسانێک وەک تاوانبار بناسرێندرێن. چونکە بە گوێرەی یاسا تا تەواوبوونی لیکۆڵینەوەکان، کەسانی تۆمەتبارکراو نە بێ تاوان و نە بە تاوانکار دادەندرێن. لۆژیکی راستین ئەوەیە کە بەخێرایی و بە پەلە بڕیار لە هیچ رووداوو کارەساتێک نەدرێت، چونکە زۆربەی جاران بەهۆی پەلەکردنەوە رەوشێکی نەخواستراو دێتە ئاراوە، سەرەنجام کۆمەڵگە تێیدا زیانمەند دەبێ، کاودانی نیشتمانی بە ئاوارتەیی رێ دەگرێ.

چۆن هێزەکانی ئاسایش لە پاراستنی سەرو گیانی خەڵک بەرپرسیان، ئەرکی ئەوانیشە کە شێلگیرانە بۆ دۆزینەوەی ئەو تاوانبارانە تێبکۆشن کە لەماوەی رابردوودا رۆژنامەوان سەردەشت عوسمانیان رفاند و تیرۆریان کرد، ئەرکی خەڵکی کوردستانیشە لەسەر خوێنی رۆڵەیەکی خۆی بەدەنگ بێ و لەلایەنی پەیوەندار بخوازێ تا هەوڵی لێبڕاونە بۆ دۆزینەوەو، رادەستکردنی تاوانباران بە دادگە بدات، دەستەڵاتی دادگەیشە سزای ئەو تاوانبارانە بدات کە دەستیان بە خوێنی رۆڵەکانمان سوور دەکەن و شەپۆلی ترس و تۆقاندن ئەستوور تر دەکەن.

---

## با هەڵمەتی کۆنە پارێزان دژ بە رامانی ئازاد لە قاو بدەین


بۆلاپەڕە 3


## لەکاتی رێپێوان و کۆبونەوەکاندا، سوکایەتی بە رۆژنامەوانان دەکرێ


بۆلاپەڕە 4


## سەرنجێک لەسەر پێشکەوتنی کۆریای باشور


بۆلاپەڕە 5


## جیاوازی تەمەن لەنێوان هاوسەرەکاندا کاریگەری نەرێنی لێدەکرێ


بۆلاپەڕە 6


## ژنان دەخوازن هاوسەرەکانیان ئەو سیفەتانەیان تێداهەبێ!


بۆلاپەڕە 7